

# لەدوای کۆنگرە... چ پێویستە؟

**عەبدولواحید محەمەد حاجی**

سەرپەرشتیاری پەروەردەیی

چەند رۆژێك لە مەوبەر بەرێکەوت لەگەڵ چەند مامۆستایەك کەوتینە گفتوگۆکردن لەسەر پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن، دیارە هەریەکەو بە پێی پێوانەی خۆی پرۆسەکەی شەنو کەو دەکردو خاڵی لەسەر پیتەکان دادەنا، ئیتر هەندێکیان بابەتیانە شیان دەکردەوەو چارەسەریشیان بۆ دیاری دەکرد، لەبەرامبەردا هەندێکیتر بێ هیوایی خۆیان لە هەمبەر چاککردنی نیشاندەدا، بەڕای ئەو گروپە، پەروەردە ئێستا لەحاڵێکدایە مرۆڤ پێویستە لەئاستیدا فرمێسکی بۆ هەڵرێژێ، نەشیانشاردەوە کە هەرچی هەنگاو نراوە لە دوا بۆشایی تونێلەکە لە بڕی ئەوەی رووناکی پزیسکە بدات تاریکیە، بەو هەژمارەی سێ کۆنگرە بەستراوە چەندین لێکۆڵینەوە کراوە بێ ئاکام بووە، ساڵ لەدوای ساڵ ئاستی خوێندن و فێرکردن کێرفەکەی بەرەو خوار دەکشێ، لەبڕی ئەوەی بەرەو سەر هەڵکشێ کە زەرورەتێکی پەروەردەییە ئەگەر بەشێوەیەکی لەسەرخۆو کیسەڵ ئاساش بێت، بەڵام لەهەڵکشاندا بێ، هەر لە درێژەی ووتەکانیان ئاماژەیان بەبەستنی کۆنگرەی چوارمیشدا کە لە مایسی ئەم ساڵ بەسترا، بێ ئاگایی خۆیان نیشاندا بەڕای ئەوان هیچ ئامادەباشی بۆ نەکرایە و بگرە زۆربەی ئەوبڕگە و بابەتانەی باسکراون لەشەو و رۆژێکدا گەڵاڵە کراون، هەر ئەوەش وایکردوە کەبڕوایان وابێ کە ئەو کۆنگرەیەش ئاکامێکی ئەوتۆی لێ نەکەوێتەوەو پەروەردەش لەو خەوە لەسەر خۆیە وەئاگا نەهێتەوە.

تا ئێرە قسەی ئەو مامۆستایانە بوو کە لەو گردە هەمایە ئاشکراکران، رەنگە ئەم ووتانە تەنها هی ئەو گرۆیە نەبێت بگرە ئەو دەربڕە گوزارشتی چەندانیتربێ لە مامۆستایان ئا لێرە بەپێویستمزانی هەڵوێستە لەسەر ئەو جۆرە بیرکردنەوانە دەربڕم، لەپێشدا هەقە هەموو لایەك بیر بکەینەوە کە پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن تەنها خەمی وەزارەت یا داموو دەزگایەکی تایبەت نیە، بەڵکو خەمی هەموو ئەو لایەنانەیە کە کارەکتەرن لەسەر تەختی ئەو شانۆیەدا، هەر لە وەزارەتەوە تا دەگاتە بچوکترین ئەندامی ئەو پێکهاتەیە کە خوێندکارە، دەشێ هەموو شتێك لەخزمەتی ئەویشدابێت ناکرێ ئەلقەیەك لەو ئەلقانە خۆی لەکایەکەدا بباتە دەرێ، ئۆباڵی نەهامەتیەکە بخاتە سەر ئەویتر، واتە مامۆستاش پشکی خۆی بەر دەکەوێ لە هەردووحاڵەتدا چ پۆزەتیف یان نێگەتیف بێت، سەبارەت بەکۆنگرەش دیارە هەموو شتێك نیە یان پێمان وابێ ئیتر هەموو شتێك رێچکەی ئاسایی خۆی دەگرێ راستە ئەو کۆنگرەیە هەوڵ و تەکانێکی زۆری بۆ درا، ماوەی دە مانگ بوو سەرجەم دام دەزگاکانی وەزارەت مشوری گەڵاڵەکردنی برگەو بابەتەکانی بوون، لەم پێناوەدا چەندین کۆڕو کۆبونەوەو کۆنفراس بەسترا، راوبۆچوونی پەروەردەکاران‌و پسپۆرانی ناوخۆو دەرەوە وەرگیرا، لەناو هۆڵی کۆنگرەش گەنگەشەو شرۆڤە کردنێکی زۆری ئەگەرەکان کرا، دواجار پوختە نامەیەك بەرجەستەکرا، بەڵام ئەوە مانای ئەوەنیە ئیتر هەموو شتێك تەواو کەوتە سەر شارێگەی خۆی بێ ماندووبوون‌و بەدواداچوون گریمانەکان جێبەجێ دەبن، بەپێچەوانەوە لێرەوە پێویستە وەزارەت لە هەوڵی بەدیهاتنی بێت بۆئەوەی هەم ئەو هەموو ماندووبونە بێ بەرهەم نەبێت، هەروەها ئەو خەڵکانەی ئەو ماندوو بوونە بێ بایەخ لەقەڵەم دەدەن بێنە سەر ئەو باوەڕەی کە وەزارەت کارێکی کردوە بەرهەمەکەی قابیلی چنینەوەیە، باوەڕێکیش دروست دەکات لە داهاتوودا ئەگەر گرەو لەسەر سەرخستنی شتێکرا یان پرۆپۆزەلێك پێشنیارکرا، هەموو لایەك بەشداری پراکتیزەکردنی بکەن لە ژێر رۆشنایی ئەو باوەڕەی کەبنیاتنراوە، دیارە بۆ جێبەجێ کردنی رێنمایەکانی کۆنگرەو بەرجەستەکردنی ئەو باوەڕە پێویستە وەزارەت ئەو هەنگاوانە بگرێتە بەر.

١- تەواوی ئەو هەوڵو تەقەلایانە لە دووتوێی کتێبێکدا لەچاپ بداتو بیخاتە بەردەستی مامۆستایان.

٢- لەمیدیاکان‌و راگەیاندنی وەزارەتی پەروەردە هەڵوێستە لەسەر هەلومەرجی بەستنی کۆنگرەکانیترو ئەم کۆنگرەیە بکرێت، روونیشبکرێتەوە فاکتەری سەرکەوتنی ئەم کۆنگرەیە زۆر فەراهەمترە لەوانی پێشوو.

٣- دانانی لێژنە بەقەد برگەو تەوەرەکانی کۆنگرە بۆ بەدواداچوون‌و جێبەجێ کردنیان ئەگەر لەسەرخۆش بێت.

٤- بەستنی چەندین کۆڕو سیمینار بۆ شیکردنەوەی رێنمایی‌و بڕیارەکانی، بۆئەوەی هەموو لایەك زانیاریەکی رێژەییان هەبێت.

دواجار ئومێدەوارین پەروەردەو فێرکردن لەم بارودۆخە ناهەموارو لەسەرخۆ رێکردنە بازبداو بکەوێتە سەر رێگای ستانداری خۆی رۆڵە ریشەییەکەی بگێڕێ لە پێگەیاندنی نەوەی تازە بۆ بەرجەستەکردنی ئامانجە رەواکانی گەلەکەمان.